# وەرزشکاران

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی مانگانەیە، کۆمەڵێک وەرزشکار لە کەلار دەریدەکەن

ژمارە ( یەك ) 2006/1/22

**دەستەی نووسەران**

مەریوان ئەحمەد — ڕەنجدەر عەلی

گۆران محەمەد — هەڵۆ مەحمود

ناونیشان: کەلار کتێبخانەی بێدار


**بابەتەکان دەربڕی بیروڕای نووسەرەکانێتی و ڕۆژنامەکەمان لێی بەرپرس نییە**

## لـــە ئەرشیفی وەرزشکارنەوە......



ئەوەی لەم وێنەیەدا دەیبینن تیپی وەرزشی ( حەمـــەی کـــەریم ) ە کەلەسـاڵی 1985- 1986 گـــیراوەو نـــاوی یاریزانـــان لەسـەرەوەلەلای ڕاستەوە بۆ چـەپ بـەم شێوەیەیە م. ئیبراهیم ، کریم محموود ناسراو بە ( د. کەریم ) . م . یەحیا . ابراهیم عەلی .خالد ئەحمـــەد ، م. ڕزگـــار ( ڕزەی عەبـــە ) ، عەبدوولاَ ، دانیشتووان لەخوارەوە لەلای ڕاستەوە بۆ چەپ بەم شێوەیەبوو ، جەمال ، لەتیف شەریف ، عەبدوولاَ ، حامد

# دانپیانـــانی کـــارلۆس ئەلبێرتۆی بـــەرازیلی



کارلۆس ئەلبیرتۆ پێرێـــــــرای ڕاهێنەری ئێستای هەڵبـــــژاردەی بـــەرازیل لـــەم دووایيانــــەدا و لەلێوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەنووســـان دانی بەوەدا نا کە بــــەهێزترین ونارەحـــــەتترین یـــاری لـــەژیانی ڕاهێنەرایـــەتی ئـەودا بەسـەریدا هاتبێـــت یـــاری کۆتـــایی جـــامی جیهـــانی 1994 بـــوو لـــە ئـــەمریکا کەلــــــەنێوان هــــــەردوو هەڵبـــــژاردەی بەرازیل و ئیتالیا ئــــــەنجام درا . وەووتیشی کێ بەرکێ لەو کاتەدا زۆر گەرم بوو لەبەرئەوەی هەردوو وولاَت هەریەکەو سێ جار نازناوی جامی جیهانیان بەدەست هێنابوو وە هەر هەڵبژاردەو ئیویست نازناوی نێ بەدەست بهێنێت .وەووتیشی ئیتالیا لەو کاتەدا کۆمەڵێك ئەستێرەی ناوداری هەبوو لەوانە ( دۆنادۆنی ، باریسی ، ئەلبەرتینی ، باجیۆ )

ئا/ هەڵۆ مەحمود

# خشتـــــەی یـــاریەکانی حەڤدەیەمین مۆندیالی تۆپی پێ لە ئەڵمانیا

| یارییەکان | ڕۆژو بەروار |
| --- | --- |
| ئەڵمانیا ×کۆستاریکا پۆڵەندا × ئیکوادۆر | هەینی 2006/6/9 |
| ئینگلتەرا × پاراگوای ترینیداد وتوباگۆ×سوید ئەرجەنتین ×ساحل عاج | شەمە2006/6/10 |
| سربیا × هۆڵەندا مەکسیك × ئێران ئەنگۆلا × پورتوگالا | یەك شەمە 2006/6/11 |
| ئوستڕالیا × یابان ئەمریکا × چیك ئیتالیا × غانا | دوو شەمە 2006/6/12 |
| کوریای باشوور × تۆگۆ فەرەنسا × سویسرا بەرازیل × کرواتیا | سێ شەمە 2006/6/13 |
| ئیسپانیا × ئۆکرانیا تونس × سعودیە ئەڵمانیا × پۆڵەندا | چوارشەمە 2006/6/14 |
| ئیکوادۆر × کۆستاریکا ئینگلتەرا × ترینیداد سوید × پاراگوای | پێنج شەمە 2006/6/15 |
| ئەرجەنتین × سربیا هۆڵەندا × ساحل عاج مەکسیك × ئەنگۆلا | هەینی 2006/6/16 |
| پورتوگال × ئێران چیك × غانا ئیتالیا × ئەمریکا | شەمە 2006/6/17 |
| یابان ×کرواتیا بەرازیل × ئوستڕالیا فەرەنسا × کۆریایباشور | یەك شەمە 206/6/18 |
| تۆگۆ × سویسرا سعودیە × ئۆکرانیا ئیسپانیا × تونس | دووشـــــــەمە 2006/6/19 |
| کۆستاریکا × پۆڵەندا ئیکوادۆر × ئەڵمانیا پاراگوای × ترنیداد سوید × ئینگلتەرا | ســـێ شـــەمە 2006/6/20 |
| ئێران × ئەنگۆلا پورتوگال × مەکسیك ساحل عـاج ×سـربیا هۆڵەنـدا × ئەرجەنتین | چوارشـــــــەمە 2006/6/21 |

# لەتوانـای ڕەش چی دەزانی ؟

توانـــای ڕەش نـــاوی ڕێکخراوێکـــی شـــۆڕش خوازانەیـــە وەلـــەڕەش پێـــستەکانی ئـــەمریکا کـــەگۆرەپانی وەرزشـیان بۆناسـاندنی خۆیـان بەهەموو خەڵکی جیهان بەکارهێنا. لەیاریەکانی ئۆڵۆمپی مەکسیکۆسیتی(1968) کاتێ یاریزانی گـەورەی وەرزشـی ڕاکردنـی ئـەمریکا (تـایمی شـیمت ) بۆبەدەسـت هێنـانی مـەدالیای زێـڕی (200) مەتری خێرای لەسەر سـەکۆی پاڵەوانی دا وەسـتا . لـەکاتی دەسـت پێکردنـی سـرودی میللی ئە مریکا دەستی ڕاستی خۆی کـە دەست کێـشی ڕەشـی لەدەسـت بـوو.نوقانـد وبـەرزی کـــردەوە تابــەم شــێوەیە نارەزایـــەتی ڕەش پێستەکانی ئە مریکا دەربارەی جیاوازی ڕەنـگ وپێـست لەوولاَتەکـەی نیـشان بـدات .ئـەم جوڵە مێژوویـە لـە دواییـدا بەشـێوەی جـۆراو جـۆر لەگۆرەپانـەکانی وەرزشـیدا دووبـارە کرایـەوە و بەناوی توانای ڕەش ناسراوە .

ئا- ئەرکان جوهر



## ستوونی ئازاد

## وەرزش تەنها تۆپی پێ نییە

وەك ڕوون و ئاشـــــکرایە ئــــەمڕۆ لەجیهانـــداوەرزش گرنگیـــەکی تایبـــەتی پێدەدرێت و بووە بە بەشێکی گرنگی ژیانی (کۆمەلآیـــەتی .ئـــابوری ,,,,, هتـــد) وەلـــە کوردسـتانیش بـە هـەمان شـێوە گرنگـی پـێ دەدرێت بـەلاَم جێگـای داخـە لـە نێـو یانـە وەرزشـــیەکاندا (یانـــەکانی گەرمیانـــدا )گرنگیـەکی تایبـەت بـە تـۆپی پێدەدرێت و هەرچیەك لەهێزو تواناياندا بێت دەیخەنە گڕ بۆئەو یاریەوەیاریەکانی تر وەك (تۆپی دەست ,باسکە ,,بالە ,,,),وەك )ئـەوە وابـێ دووژمنـی بـاوە کوشـتەی وەرزشبن ,لەکاتێکـدا بـە پێـی بڕیـاری لیژنـەی ئـۆڵمپی دەبێـت هەریانەیـەك (4)تیپی کوڕو (1)تیپێکی کچ هەبێت ,

لەڕاسـتیدائەم پـەراوێز خـستنە بـە جۆرێـك لـەجۆرەکانی تـیرۆردەزانم,وەدەڵـێم تـاوانێکی گەورەیە دەرهەق بەئـەو وەرزشکارانەدەکرێت کەخولیایاریەکانی ترن .

گرنگـی نـەدان بـەیارێکانی تـر دەگەڕێنمـەوە بۆدوو خاڵ

★/یـان ئـەوەتا هـەڤالاَنی نـاو مەکتـە بـی تــــــەنفیزی (لیژنــــــــەیئۆلۆمپی کوردســـتان)کەمتەرخـــەمن و لەئاســـتێکی وەرزشی نزمدان

★/یـان دەسـتەی کـارگێڕی یانـەکان ئاسـتێکی لاوازیان هەیە لەوەرزشداو وەرزشکار نین .

ئەگـەر ئـەو تاوانـە یـان ئـەو تیرۆرکردنـە لـە ئەسـتۆی مەکتـەبی تەنفیزیـدابێت ئـەوا دەستەی کاری گێـڕی یانـەکان نابێت بێدەنگ بن لەئاستیئەولاوازیوسستیە

وەئەگەرلەئەسـتۆی کـاریگێڕی یانەکانـدابێت ئـــەوامن لێـــرەو دەڵـــێم ڕێگـــا چـــۆڵکەن و دەرگاوالآکەنباکەســانی وەرزش کـارو پـسپور لـــەبواری وەرزشـداجێگای ئێـوە بگرنـەوە خزمەت بەوەرزش و وەرزشکرانی گـەلرمیانی ئـەنفال کـراو بکـەن ئەگـەرنا جـەماوەری وەرزشکار زیاتر بێدەنگ نابن

دانا حەسەن سەعید

# ملیار دێرێکی ئەمریکی بەنیازی کڕینی یانەی لیڤەر پولی ئینگلیزی یە

ملیـاردێری ئـەمریکی (ڕۆبـت کراڤـت ) بـەنیازی کڕینی یانەی تۆپی پێی لیڤەر پولی ئینگلیزیيە و بـەم نیـازە کراڤـت لەگـەڵ سـەرۆکی یانـەی لیڤەرپوول دانیشتنی ئەنجامـد اوەو وئەیـەوێت سـەروەت وسـامانی یخـۆی لـەم یانـەدا بخاتـە گەڕ.وەبۆ پشت ڕاست کردنـەوەی ئـەم هەواڵە ( سـتیف نیکـۆڵی ) ئـسکوتلەندی کەڕاهێنـەری یانەی ( نیو ئینگلانـی ) ئـەمریکیووتی : کـەس پرسی بەمن نەکردووە سەبارەتبەکرینی یانـەی لیڤەر پوول بەلاَم بڕوام بەوە هەیە کە ( کراڤت ) باش دەزانێت کە چی دەکـات وەتوانـای ئـەوەی هەیـــە ئیـــدارەی هـــەر یانەیـــەك بلێـــی بیکـات.وەلـەماوەی پێـشوودا یانـەی لیڤـەرپوول چـەندین داواکـاری پێگەیـشت لـە لایـەن چـەند کەسایەتییەکەوە لەوانـە ( ساکسین شیناواترا ) یسەرۆکی تایلەندو ملیـۆنێری ئینگلیـزی سـتیڤ مۆرگان بەلاَم دەستەی بەڕێوەبەری یانـە هـەموو ئەو داوایانەی ڕەت کردەوە .

ئا : هەڵۆ